**پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٣٤ ) : ساڵی پێنجەم**


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | ئایا پاش ئەوەی کە پێی دەڵێی بڵێ : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) سەری دەبڕیت ؟!! | سەرنوسەر |
| ٣ | هەندێك لە مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز | إدريس محمود |
| ٤ | ڕێگای پزیشکی بۆ لادانی زیبکەی دەم و چاو | زانست |
| ٥ | ڕێساکانی بیروباوەڕ | زانست |
| ٦ | چەند بنچینەیەك لەبارەی ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە | سامان جبرئیل |
| ٧ | ئەوەی لە سەردەمی پەیامبەرمان جەژن نەبوبێ هەرگیز نابێتە جەژن | هاوار عبدالله |
| ٨ | فەزڵی أستغفر الله کردن | ئادەم عثمان |
| ١٠ | یەکێ لە سێ گرفتە گەورەکەی جیهان | جیهاد قادر |
| ١٢ | ئایا ئیسلام دژ بە پێشکەوتنە | ئارام شێخانی |
| ١٢ | گـۆرانی و مۆسیقا | پشتیوان محمد |
| ١٤ | کەسی ژیر کێیە؟! | سۆران عثمان |
| ١٥ | معتزلە : گروپی ئیسلامی بە ڕواڵەت تێگەیشتوو و بە ناوەڕۆك نەفام | حسين عمر |
| ١٨ | هەڵوەشێرەوەکانی ئیسلامەتی | بلال جلال |
| ١٩ | حوکمی پیرۆزبایی کردن بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵی زایینی (کریسمەس) | زانست |


**تێبینـــی** : بـۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابــەتیان بڵاوبێتــەوە ، زانــست ئــەو دەرفەتــەیان بــۆ دەرەخــسێنێت ، بــەڵام بابەتــەکانیان بــەپێی مــەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە نـاوی سەرچـاوە بکرێـت ... ٣ . تـا دەتوانرێـت کـورت و پـوختکراو بێـت ... ٤ . ئامادەکـار نـاوی خـۆی و کۆلێـژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت . ٦ . ئەگەر بابەتەکە فەرمودەی تیا بوو پێویستە (تحقيق) و(تخريج)کرا بێت .

بـە ڕەخنـە و پێـشنیارەکانتان بڵاوکراوەکـەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

**جیهاد قادر**/ ماستەر لە ڕەوانبێژی . فەرموودە .

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**إدريس محمود** / دەرچووی یاسا. سلێمانی

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٣٠٠٠ دانە

**بۆ دەست کەوتنی بڵاوکراوەی زانست لە شاری کەلار** (( ٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨ ))

## ئایا پاش ئەوەی کە پێی دەڵێی بڵێ :
## ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) سەری دەبڕیت ؟!!

ئەوەی جێی داخ وخەفەتە کە ئاستی ڕۆشنبیری هەندێك لە موسڵمانان گەشتبێتی ئاستێکی ئەوەندە نزم کە کاروکرداری کەسانێکی نەزان و لاڕێبوو لە ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی و دوور لە بنەواکانی بخەنە ئەستۆی ئیسلام و موسڵمانانی ڕاستەقینە !!!

یان ئاستی لاساییکرنەوەیان ـ ئەو هەندەی کە ئاماژەمان پێکردن ـ گەشتبێتە ئەوەی کە باوەڕ بەهەموو کەسێکی تاریکبیری بەناوڕۆشنبیر و لێکۆڵەر ـ لەڕاستی چەواشەکار و ئاوەژوکاری ڕاستیەکان ـ ، و کەسانی دژ بە ئایین و موسڵمانان بکەن کە دەڵێن : ئەو هەموو موسڵمان کوشتن و سەربڕینە هەموو کاری موسڵمانانە و ئیسلام فەرمانی پێدەکات !!!!

بەڵام ئەگەر هەریەك لەئێمەی فێخواز و ڕۆشنبیر بڕوانێتە ئایەت و فەرموودەکان و پەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی موسڵمانان : پێچەوانەی ئەو گوفتارانە دەبینین ، و بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت هەموو ئەوەی کە دەوترێت پێچەوانەی ڕاستیەکانە و هەر هەموو ئاوەژوکردنی ڕاستیەکانە ، باشترین بەڵگەش کە ئەم ووتەیە پشت ڕاست بکاتەوە ئەم فەرمووە ( صحیح ) ـەیە کە تێیدا هاتووە : ( جُنْدَبَ ) ـی کوڕی ( عَبْدِاللَّهِ الْبَجَلِيَّ ) ﵁ فەرموویەتی :

پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەڵێکی نارد بۆ تێکۆشان لەگەڵ کۆمەڵێکی بێباوەڕدا ، ... لەو جەنگەدا موسڵمانێك هەوڵی ئەوەی بۆ کە غافلگیری بێ باوەڕێك بکات ، چونکە موسڵمانێکی زۆری کوشتبوو ـ ئێمە لەنێوان خۆماندا دەمانووت : ئەو موسڵمانە ئوسامەی کوڕی زەیدە بوو ـ ، بەهەر حاڵێك بوو موسڵمانەکە دەرفەتی بۆ ڕەخسا بێباوەڕەکەی بەهویدادا و شیرەکەی لێ بەرزکردەوە ، بێباوەڕەکە ووتی : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) ، بەڵام موسڵمانەکە سەرەڕای ئەوەش هەر لێیدا و کوشتی !! هەواڵدەر هەواڵەکەی کەیاند بە پێغەمبەر ﷺ و پێغەمبەری خواش ﷺ بانگی موسڵمانەکەی کرد و لێی پرسی : بۆچی کوشتت ؟! ئەویش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکێکی زۆری لە موسڵمانان کوشت ـ وناوی فلان و فلانی بۆ هێنا ـ منیش دەرفەتم بۆ ڕەخسا و هەڵمکوتایە سەری ، کە شیرەکەی بینی لەترسی شیرەکە ، وتی : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ئەی تۆ کوشتت ؟!! وتی : بەڵێ .

فەرمووی : ئەی چی بە ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) ئەگەر لە ڕۆژی دواییدا یەخەی پێ گرتیت ، ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا داوای لێخۆشبونم بۆ بکە ، ئەویش هەر ئەوەی دووبارە دەکردەوە و دەیفەرموو : ئەی چی بە ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) دەکەی ئەگەر لە ڕۆژی دواییدا یەخەی پێ گرتیت ، و لەوە زیاتری نەدەفەرموو .

لە ڕیوایەتی بوخاری موسلیمدا هاتووە : ( أسامة ) ـی کوڕی ( زید ) پاش ئەو هەموو جەختکردنەوە و دووبارەکردنەوەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەم برگەیە : (( أَقَتَلْتَهُ بَعْدَ مَا قَالَ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ؟! )) بەرامبەر بەو ، ووتی : (( تَمَنَّيْتُ أَنِّي لَمْ أَكُنْ أَسْلَمْتُ قَبْلَ ذَلِكَ الْيَوْمِ )) ، واتە : هەر بەردەوام ئەوەی دوبارە دەکردەوە و دەیفەرموو : ئایا کوشتت پاش ئەوەی ووتی : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) ، تاکو منیش تەمەننام دەکرد تاکو کات و ڕۆژی ئەو ڕووداوە موسڵمان نەبوایەم .

بەم بەسەرهاتەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە چۆن پێغەمبەری میهرەبانی ﷺ کوشتنی ئەو بێباوەڕەشی بەحەرام و گەورە زانیوە ، مادام وتبێتی : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) ، با لەگەڵ موسڵمانانیشدا جەنگابێت ، و ئەگەری ئەوەشی لە ترسی شیردا وتبێتی : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) ... چ جای ئەگەر موسڵمان بێت ؟!!

کەچی دەبینیت کەسانی سەرلێشێوا و سەرگەردان کەسانی موسڵمان دەگرن ، و پێیان دەڵێت بڵێ : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) ، و پاشان سەریان دەبرن و خوێنیان دەڕێژن !!! یان تەقینەوە دەنەنەوە و یان خۆیان دەتەقێننەوە دەیەها موسڵمان دەکوژن کە دەڵێن : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) !!!

بۆیە بەو جۆرە سەرگەردانانە دەڵێن : سەری دەبڕیت و دەیکوژی پاش ئەوەی پێی دەڵێی بڵێ : ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) !! ئەی چی لە ( لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ) دەکەی ئەگەر لە ڕۆژی دواییدا یەخەی پێگرتیت ؟!!

**سەرنووسەر**

بِسْمِ اللهِ الرحمنِ الرحيم

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبي بَعْدَهُ :

## هەندێك لە مەبەستەكانی قورئانی پیرۆز

( من مقاصد القرآن الكريم )*

✍ قورئـان : بریتیـە لـە وتـەی خـوا كـە دەرئاسـا (موعجیزە)یە و دابەزێنراوە بۆ سەر پێغەمبەری خوا محمد ﷺ ، لێوەی گوازراوەتەوە بە ( تواتر ) ، پەرستن بـە خوێندنـەوەی دەكرێـت ، بـە ڕاسـتەقینەیی وتـەی خوایە نەك وتەی كەسیتر ، لەوەوە دەستی پێكردووە و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ، جا ئەگەر خەڵكی خوێندیانەوە یان نوسیان لە ( مُصحف[١] )ەكاندا بەمە لەوە دەرناچێت كە وتەی خوا بێت .

### لە مەبەستەكانی قورئانی پیرۆز

( من مقاصد القرآن الكريم )

١ . چاككردنی بیروباوەڕی خەڵكی ، و پاككردنەوەی لە شیرك و خورافات :

لە پێش دابەزینی قورئان خەڵكی لە پەرستنی غەیری خوادا ڕۆچووبوون، هەر كۆمەڵێك خۆیان بە پەرستنی شـتێكەوە خـەریك كردبـوو، پەرسـتنی فریـشتە و پێغەمبـەران و پیاوچاكان و دار و بت و ... هتـد ، لـە كاتی ناخۆشیدا هانایان بۆ اللهُ دەبرد بەڵام لە كاتی خۆشـیدا هاوبەشـیان بـۆ بڕیـاردەدا ، كاتێـك قورئـان دابـەزی لـە ڕێگـەی ئایەتەكانـەوە هـەموو ئـەو بیروباوەڕانەی بە بێباوەڕی و پوچەڵ لە قەڵەمدا و هانی خەڵكی دەدا بۆ ئەوەی یەك خوا بپەرستن كە ئەویش ( اللهُ )یە – سبحانه – وە هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، كە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی یـەك بیروبـاوەڕی خـەڵك و لـەناوبردنی جیـاوازی بیروبـاوەڕ لـە نێوانیانـدا كـە سەرچاوەی كێشە و ئاشوب و ئاژاوە و كوشتارە .

٢ . چـاككردنی ڕەوشـتی خـەڵكی ، و پاككردنـەوەی دەرونیان :

خوای گەورە لە قورئاندا لە زۆر ئایەتدا موسڵمانانی لە ڕەوشـتە نابـەجێ و ناشـرینەكان وریـا كردووەتـەوە و داوای لێكردوون نزیكیان نەكەونەوە لەوانە :

* خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ ﴾ ( الإسراء : ٣١ ) .

واتە : وە منداڵەكانتان مە كوژن لە ترسی هەژاری .

* خـوای گـەورە فەرموویـەتی :﴿ وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا ﴾ ( الإسراء : ٣٢ ) .

واتـە : نزیكـی زینـا مەكەونـەوە بەڕاسـتی ئـەوە كردەوەیەكی زۆر ناشرین و ڕێگایەكی خراپە .

* خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ﴾ ( الإسراء : ٣٣ ) .

واتـە : وە كەسـێك مـەكوژن كـە خـوا كوشـتنی حـەرام كردووە مەگەر بەهەق .

وە خـوای گـەورە فـەرمانی بـە كـردەوە چاك و ڕەوشـتە بەرزەكان كردووە وەكو فەرموویەتی :

﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِنْكُمْ وَأَنْتُمْ مُعْرِضُونَ ﴾ ( البقرة : ٨٣ ) .

واتە : یادی ئەو نیعمەتە بكەنەوە كاتێك كە پـەیمانمان وەرگرت لە نەوەی ئیسرائیل كە جگە لە خوا كەسیتر نەپەرستن و لەگەڵ دایك و باوك هەروەها لەگەڵ خزمان و هەتیوان و هەژارانیشدا چاكەكار بن، و گوفتاری چاك و جـوان بـە خـەڵكی بڵـێن، هـەروەها نوێـژەكانتان بـە چاكی ئەنجام بدەن و زەكاتیش بدەن، پاشان ئێوە لە جیـاتی گوێڕایـەڵی پـشتتان تێكـرد جگـە لـە كـەمێكتان نـەبێت، لـە كاتێكـدا زۆربـەتان لـەو هـەموو ئامۆژگاریـە بەسوودانە ڕوو وەردەچەرخێنن و پشتی تێدەكەن .

---

* بڕوانە كتێبی ( تفسیر الجزء الأخیر ) .

[١] قورئـان : ئـەو وتەیـەی خـوای گەورەیـە كە بـۆ پێغەمبـەری خوا محمد ﷺ دابەزێنراوە .

موصـحەف : بـەو پەڕتووكـە دەوترێـت كـە قورئـانی تێـدا نوسراوەتەوە و لەبەردەستماندایە .

٣ . چاککردنی پەرستنی خەڵکی ، و پاککردنەوەی لە بیدعە و گومڕاییەکان :

پێش دابەزینی قورئان خەڵکی پەرستنەکانیان پڕ لە هەڵە و کەم و کورتی و زیادەڕەوی بوو بەڵام قورئان هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی پێش هەموو شتێك نیەتپاك بن پاشان پەرستنەکانیان بە ڕێك و پێکی و جوانی ئەنجام بدەن، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ ﴾ ( البينة : ٥ ) .

واتە : فەرمانیان پێنەدرابوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن بە دڵسۆزی و نیەتپاکی و ملکەچی ئەم ئاینی ئیسلامە بن و لابدەن لە هەموو ئاینێکی تر ، وە نوێژیش بە جوانی و ڕێك و پێکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن وە هەر ئەوەش ئاینی پایەدار و ڕاستە .

٤ . چاککردنی دونیای خەڵك :

ئەمەش لە ڕێگای حەڵاڵکردنی کڕین و فرۆشتن و بازرگانی حەڵاڵ و قەدەغەکردنی دزی و ڕیبا و خواردنی ماڵی خەڵکی بە ناهەق کە لە چەندین ئایەتی قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ ﴾ ( النساء : ٢٩ ) .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتر بە ناهەق مەخۆن لە نێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانیەك بێت و لەسەر ڕەزامەندی خۆتان بێت .

وَصَلى اللهُ عَلَى مُحمدٍ وَعَلَى آلِ مُحمد

ئامادەکردنی

ادریس محمود

کۆلێژی یاسا – سلێمانی

# ڕێگای پزیشکی بۆ لادانی زیبکەی دەم و چاو

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بۆ چارەسەرکردنی زیبکە و پەڵەی دەم و چاو ( ڕوو ) دەبێت ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بە ووردی جێبەجێ بکەیت :

١- نابێت دەستکاری زیبکەکان بکەیت.

٢- خۆت بپارێزیت لە ترس و دڵەڕاوکێی دەروونی چونکە زیبکە زیاد دەکات.

٣- بەکارهێنانی هەویرترش ( خمیرە ) نایەڵێت زیبکە دەربچێت چونکە ڤیتامین B تیایە کە زۆر گرنگە بۆ توێژ ( بشرة ) لەبەر ئەوە دەتوانیت ڕۆژی ٣ کەوچکی هەویرترش لەگەڵ یەك کوپی ماست بخۆیت.

٤- زۆر خواردنی پیاز و سیر کە زۆر چاکن بۆ پاککردنەوەی خوێنی ناو لەش.

٥- کەمکردنەوەی خواردنی چەوری و شیرینی.

٦- ووردکردنەوەی سیر و دانانی لەسەر زیبکەکان ( کەمێ ئازاری هەیە بەڵام ئە نجامەکەی زۆر باشە ) ڕۆژی دوو جار بەکاردەهێنرێت ( بەیانی و ئێوارە ).

٧- یان بەکارهێنانی یەك کوپی گیراوەی هەنار لەگەڵ کەوچکی چا پڕ لە سرکە کە تێکەڵاوەکە زیبکەکانی پێ چەور دەکرێن ڕۆژی چەند جارێك.

٨- ئەگەر چارەسەر نەکرا باشتر وایە بە ڕۆنی ڕەشکە ( زيت الحبة السوداء ) زیبکەکان چەوربکەیت ( کە بەردەوام بێت لە سەر زیبکەکان بۆ ماوەی چەند سەعاتێك ) کە باشترین چارەسەرە وەکو تاقیمان کردووەتەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

بسم الله الرحمن الرحيم

# ڕێساكانی بیروباوەڕ

**ئەڵقەی دووەم : ڕێسای دووەم**

✍ هاوبەش پەیداکەرەکان دەڵێن: (خۆ مەلائیکەت و پێغەمبەران و پیاوچاکان...) هاواریان ناکەینێ و ڕوویان تێ ناکەین تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە داوایان لێدەکەین نزیکمان بکەنەوە و شەفاعەتمان بۆ بکەن لەلای خوا . بەڵگەش بۆ ئەو قسەیەی کە مەبەستیان نزیك بوونەوەیە لە خوا ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی: [وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ] [الزمر: ٣] .

واتە: ئەوانەی کە لە غەیری خوا چەند دۆست و خۆشەویست و ئەولیایان دانابوو بۆ خۆیان، دەیان وت: ئێمە نایان پەرستین تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە لە خوا نزیکمان بکەنەوە، چونکە ئەوان لە خوا نزیکترن، بێگومان خوا دادوەری دەکات لە نێوانیاندا لەو شتانەدا کە کێشەیان لەسەری هەیە و بۆچوونیان دەربارەی جۆراو جۆرە، بەڕاستی ئەو بیروباوەرە چەوتەیان – کە واسیتە دانانە – لێوەرناگرێت ، وە بێگومان هەر خواشە هیدایەت و ڕێنموونی ئەو کەسانە ناکات کە درۆزن و بێباوەڕن .

✍ وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە هاوبەش پەیداکەرەکان وتوویانە : ئەو شتانەی جگە لە خوا دەیپەرستین شەفاعەت و تکامان بۆ دەکەن لە لای خوا ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : [وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ] [يونس: ١٨]. واتە: هاوبەش پەیداکەران جگە لە خوا شتی تر دەپەرستن و لێی دەترسن و دڵیان پێیان خۆشە و هیوا و ئومێدی چاکیان پێیانە و داوای سوود و قازانجیان لێ دەکەن کە لە ڕاستیدا هەر شتێك دەپەرستن جگە لە خوا نە دەتوانێت زیانیان لێبدات تاوەکو لێی بترسن وە نە سوودیان پێ دەگەیەنێت تاوەکو بیروباوەڕ و ئیعتیقادیان پێ بێت و داوای لێ بکەن، وە هاوبەش پەیداکەران دەڵێن : ئێمە ئەم هاوار بۆ کراوانە ناپەرستین سەربەخۆ واتە باوەڕمان نیە کە دروستکەرو ڕزق دەری ئێمە بن یان بتوانن خۆیان سوودمان بۆ بهێنن و زیانمان لەسەر لابدەن، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوە باوەڕمان پێیانە و هاواریان دەکەینێ بۆ ئەوەی شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خوا، چونکە ئەمانە شەفاعەتکارمانن لای پەروەردگاری تاك و تەنها .

✍**دوو جۆر شەفاعەت ( تکاکردن ) هەیە:**

**یەکەم:** شەفاعەتێك مەنفیە و نیە، ئەمەش ئەو شەفاعەتەیە کە جگە لە خوا داوادەکرێت لە کاتێکدا کە تەنها خوای گەورە دەتوانێت ئەو شەفاعەتە ببەخشێت بە هەرکەسێك کە بیەوێت، بەڵگەش ئەو وتەیەی خوای گەورەیە کە فەرموویەتی: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ] [البقرة: ٢٥٤].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ببەخشن هەندێك لەو ماڵ و سامانەی پێمانداون، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە هیچ کڕین و فرۆشتنێکی تێدا نیە، تا بەماڵ خۆتان بکڕنەوە، هەروەك هیچ دۆستیی و تکا و لە بیریەك و شەفاعەتێك سوودی نابێ، وە هەر کافر و بێباوەڕان ناهەقیکار و ستەمکارن .

**دووەم:** شەفاعەتی چەسپاو و جێگیر: ئەوەیە کە داوادەکرێت لە خوای گەورە وە شەفاعەتکەر ڕێزلێگیراوە بەو شەفاعەتە ، وە شەفاعەت بۆ کراویش دەبێ خوای پەروەردگار ڕازی بێت لە قسە و گوفتار و کردەوەی دوای ڕێگەپێدانی ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: [مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ] [البقرة: ٢٥٥] واتە: کێیە ئەوەی شەفاعەت دەکات لای پەروەردگار ئیللا بە ئیزنی خۆی نەبێت؟!

وصلى الله على محمد

ئامادەکردنی : زانست

# چەند بنچینەیەك لەبارەی ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان ، سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار.

بەڕاستی ماڤی خۆیەتی ئەو پەروەردگارەی دەیپەرستین لە بارەی ناو و سیفاتەکانیشیەوە شارەزاییمان هەبێت، وە بزانین چۆن لێیان تێبگەین وە لە چی ڕێگەیەکەوە بیاناسین بۆ ئەوەی ماڤی خۆیان وەك خۆیان بدەین زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی و کەموکورتی لێ نەکەین.

نەوەك وامان لێبێت وەك هەندێ گروپی لاڕێ کە ناو و سیفات بۆ خوای گەورە ڕەتدەکەنەوە و سابتی ناکەن، وەهەندێکیش سابتی دەکەن بەڵام ئەیشوبهێنن بەدروستکراوەکان.

بۆ ئەوەی بەکورتی و بە پوختی شارەزایی ئەوانە ببین ئەوا چەند بنچینەو بنەمایەکمان هەیە کە زانایان لە ماناو مەبەستەکانی ئایەت و فەرموودەکانەوە دەریان کردوون.

**-بنچینەی یەکەم:**

ناوەکانی خوای گەورە هەمووی لەوپەڕی تەواوی و جوانیدایە، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى ﴾(الاعراف ١٨٠) واتە: خوای گەورە خاوەنی ناوی جوان و تەواوە کە کەموکورتی تێدا نییە لە هیچ ڕوویەکەوە.

بۆ نموونە (الحي ) ناوێکە لەناوەکانی خوای گەورە کە مانای ژیانی تەواو لە خۆدەگرێت نە لەپێشدا نەبوون بووە و نە لەپاشیشدا نەبوونی بەسەردا دێت واتە ژیانی خوای پەروەردگار لە پێشدا هەربووە و هیچ پێشی نەکەوتووە وە کۆتایشی بەسەردا نایەت.

تێبینی: مەبەست لە مانای جوانی و تەواوی ناوەکانی خوای پەروەردگار ئەوەیە کە چی بەتەنها بێن وە چی بەیەکەوە بێن وبدرێنەپاڵ یەکتر ئەوا هەر جوان و تەواوە.




بۆ نموونە: (العزيز الحكيم) خوای پەروەردگار زۆر جار بەیەکەوە لە قورئانەکەیدا هێناونی کە هەریەکەیان مانای تەواو و کەماڵ و تایبەتی هەیە، ئەویش (العزة في العزيز) و (والحكم والحكمة في الحكيم) وە بەیەکەوە هاتنیان بەڵگەیە لەسەر ماناومەبەستێکی تەواوتر ئەویش (عیزەتی (الله)یە بەستراوە بە حیکمەت و داناییەوە کەواتە عیزەتی خوای پەروەردگار زوڵم و ستەم و کاری خراپی تێدا نییە، وەك چۆن لە بەندەکانیدا کەسێك خاوەنی دەسەڵات و عیزەت بێت جاری واهەیە دەسەڵات و عیزەتەکەیان وایان لێدەکات تاوان و زوڵم و ستەم و مامەڵەی خراپی پێدەکەن.

هەروەها داناییشی بەستراوە بە عیزەتی کامل و تەواوەوە، توانایی تەواوی هەیە بۆ ئەوەی دانایی خۆی بچەسپێنێت بەو شێوەیەی کە لەخۆی دێت و خۆی دەیەوێت کەسیش ناتوانێت بەرگری لێبکات، چونکە خۆی (عەزیزە) و خاوەنی ئەو سیفەتەیە.

سامان جبرئیل
دەچووی ئینگلیزی – زانکۆی صلاح الدين

# ئەوەی لە سەردەمی پەیامبەرمان جەژن نەبوبێ هەرگیز نابێتە جەژن

خەڵێکی زۆر بەتایبەت لاوانمان لە سەری ساڵی زاینیدا بەشەو دەڕژێنە سەر جادەکان و نامەی پیرۆزبایی ئاراستەی یەکتر ئەکەن و خۆشحاڵی دەرئەبڕن و بەجەژنی خۆیانی ئەزانن . بەڵام جێی خۆیەتی بۆ ساتێك لە خۆمان بپرسین : ئایە بەپێی قورئانی پیرۆز و فەرمووده (صحیح) ەکانی پەیامبەری خوا ﷺ بۆمان هەیە سەری ساڵی زاینی بە جەژنی خۆمانی بزانین وئاهەنگی تیا بگێرین ؟ بۆ ئەم مەبەستە ئەگەڕێینەوە بۆ قورئان و سوننەت بزانین چی هاتووە سەبارەت بەم باسە ، لە چەندین ئایەتدا خوای پەروەردگار باسی جولەکە و خاچ پەرستانی کردوە لێرەدا تەنها سێ ئایەت ئەخەینە روو :

١ ـ خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾ ( سورة الفرقان : ٧٢ ) ، (محمد) کوڕی (سیرین) فەرموویەتی : مەبەست لەم ئایەتە (شعانین)ە کە یەکێکە لە جەژنی خاچ پەرستان . وە (ربیعەی) کوڕی (أنس) یش فەرموویەتی : مەبەست پێ ی جەژنی بێ باوەڕانە . کە ئەمەش دیسانەوە خاچ پەرستان ئەگرێتەوە .

٢ ـ خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ ( سورة الجاثیة : ١٨ ) ، شیخ الاسلام (ابن تیمیه) فەرموویەتی : ( جەژنەکان لەو تایبەت مەندیانەن کە ئاینەکانی لەیەکتر پێ جیا ئەکرێتەوە ) ، کەوا بوو جائز نیە ئێمەی موسڵمان بە جەژنی خۆمانی بزانین چونکە ئێمە جەژنی تایبەت بە خۆمان هەیە ، ساری ساڵی زاینیش تایبەتە بەوانەوە و هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە .

٣ ـ ﴿ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ﴾ (البقرة :١٤٥ ) ، شیخ الاسلام (ابن تیمیه) ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەدات کە پێچەوانە کردنەوەیان (واتە : جولەکە و خاچ پەرستان) گشتی یە لە هەموو شتێك دا .

ئەوانەی کە باس کران بەڵگەی قورئان بوون ، جا بابزانین سەبارەت بەجەژنی جولەکە و خاچ پەرستان پەیامبەرمان ﷺ چیمان پێ ئەفەرمووێ :

١ ـ (أنس) ی کوڕی (مالك) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پەیامبەری خوا ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە ، دوو ڕۆژی دیاری کراومان هەبوو ، بەزم و شادیان تیادا دەگێڕا لێی پرسین : ئەو دوو ڕۆژە چین ؟ وتیان : لەسەردەمی نەفامیدا پێش ئیسلام بەزم و شادیمان تیادا دەگێڕا ، پەیامبەری خوایش ﷺ فەرمووی : خوای پەروەردگار بۆی گۆڕیون بە دوو ڕۆژی لەوان چاکتر کە دوو جەژنی : قوربان و ڕەمەزانە .

ڕوی هەڵێنجاندنی بەڵگە لە فەرموودەکە لەوەدایە کە پەیامبەری خوا ﷺ دانی نەناوە بە ڕەوایەتی ئەو دوو ڕۆژە و بێدەنگ نەبووە لەسەری و نەیهێشتوە جەژنی تیادا بیگێڕن بەڵکو فەرموویەتی : خوای پەروەردگار بۆی گۆڕیون بە دوو ڕۆژی لەوان چاکتر کە دوو جەژنی : قوربان و ڕەمەزانە .

٢ ـ ( پیاوێك لەسەردەمی نەفامی دا نەزری کردبوو کە وشترێك لەشوێنێك بەناوی (بوانە) دا سەربڕێت ئەو پیاوە هاتە لای پەیامبەری خوا ﷺ و فەرمووی : من نەزرم کردوە وشترێك لە (بوانە) سەربڕم ، پەیامبەری خوایش ﷺ پرسیاری لێکرد ئایە ئەو شوێنە بتێك لەبتەکانی سەردەمی نەفامی (جاهلی) تیادا بووە بپەرەسترێت ؟ فەرموویان : نەخێر ، جارێکی تر پرسی ئەی هیچ جەژنێك لەجەژنەکانیانی تێدا نەبووە ؟ فەرموویان : نەخێر . پەیامبەری خوایش ﷺ فەرمووی : نەزرەکەت بەجێ بهێنە ) . زانای پایە بەرزی ئیسلام (ابن تیمیه ) سەبارەت بە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیە فەرموویەتی : (( ئەگەر سەربڕین لەشوێنی جەژنەکانیان قەدەغە کرابێت ، ئاخۆ ئەنجامدانی هەندێك لە کردەوەکانیان کە لەو ڕۆژەدا ئەنجامی ئەدەن چۆن بێت )) .

٣ ـ پەیامبەری خوا ﷺ جارێکیان لەجەژنێکدا بە

ئیمامی ئەبو بەکری فەرموو : ئەی ئەبو بەکر هەموو گەلێك جەژنی تایبەت بەخۆی هەیە ئەمیش جەژنی ئێمەیە. ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر قەدەغەکردنی بەشداری کردن لەجەژنی گاور و خاچ پەرستان لە دوو ڕووەوە :

یەکەم : واتاکەی ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو گەلێك جەژنی تایبەت بەخۆی هەیە بۆیە ئەگەر جەژنێك تایبەت بوو بە گاور و خاچ پەرستان موسڵمانان بەشداری تیادا ناکەن ، چونکە داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان لەو ڕۆژەدا ئەنجام ئەدەن کە ئاینی ئیسلام بەتاوان و سەرپێچی داناوە .

دووەم : وتەی پەیامبەری خوا : (ئەمیش جەژنی ئێمەیە) کە مەبەست تیایدا جەژنی (ڕەمەزان و قوربان) تایبەتن بەموسڵمانان و داب و نەریتی ئاینی ئیسلامی تیا ئەنجام ئەدرێ. جگە لەم دوو جەژنە موسڵمانان جەژنی وەرزی تریان نیە و نایشبێت .

٤ ـ پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك لاسایی کۆمەڵێك بکاتەوە ئەوا ئەویش لەوانە . زانای پایە بەرزی ئیسلام (ابن تیمیە) فەرمویەتی : (( کەم ترین شتێك کەسەبارەت بەم فەرموودەیە بوترێ ، ئەوەیە کە خۆشوبهاندن پێیان حەرامە )) . جا ئەگەر بڵێیت بەشداری ئەکەم و خۆم بەوان ناشوبهێنم ئەوا بزانە خودی بەشداری کردنەکەت بەشێکە لەخۆشوبهاندن

کەواتە کە ئەوان لە هیچ جەژنێکی ئێمە بەشدار نابن و بە جەژنی نازانن بۆچی ئێمەی موسڵمان بەشداری جەژنەکانی ئەوان بین ؟ هەربۆیە بە وتەیەکی بە نرخی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب کۆتایی بە باسەکە ئەهێنم کە فەرموویەتی : بەشدار مەبن و دووربکەونەوە لە بێ باوەڕان لە جەژنەکانیان دا .

**ئامادەکردنی :**

**م/ هاوار عبدالله محمود**

**دەرچووی کۆمەڵایەتی**

## فەزڵی أستغفر الله کردن

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده

بێگومان خوای پەروەردگار فەزڵی زۆر پێبەخشیوین و ئەگەر بمانەوێت فەزڵەکانی خوای گەورە بژمێرین چەندین پەرتووکی لێچاپ دەکرێت بگرە ناشتوانین هەموو ئەو فەزڵانە بژمێرین، لێرەدا باسی یەکێك لەو فەزڵانەی کە خوای گەورە بە بەندەکانی بەخشیوە دەکەین ئەویش بریتیە لە (أستغفر الله) (داوای لێخۆش بوون کردن) کە فەزڵێکی زۆر گەورەیە خوای گەورە بە بەندەکانی بەخشیوە و بەهۆی (أستغفر الله) کردن خوای گەورە لە تاوانەکانمان خۆش دەبێت وە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ژیانێکی خۆش بمانژێنێت و ڕزق و ڕۆزی و بارانمان بەسەردا دەبارێنێت و منداڵی چاکمان پێبەخشێت و لێمان رازی ببێت .

**پاداشتەکانی أستغفرالله کردن.**

ئەگەر دەمانەوێت بە ژیانێکی خۆش بژین و خوای گەورە ژیانێکی ئارام و چاکمان بە نسیب بکات ئەوا با أستغفر الله زۆر بکەین ، وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَنًا﴾(هود:٣) واتە:داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارتان بکەن لەوەو دوا بگەڕێنەوە بۆ لای خوا،ئەوکاتە دەتانژێنێت بە ژیانێکی خۆش.

وە ئەگەر دەمانەوێت خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێت و هێز و قوەتمان بۆ زیاد بکات و تەندروستیمان باش بێت ئەوا با (أستغفر الله) زۆر بکەین وەك خوای پەروەدگار دەفەرمووێت:﴿اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَاراً وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ﴾(هود:٥٢) واتە: داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن ، پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای

ئەو،ئەوا خوای گەورە لە ئاسمانەوە بارانی زۆر و پڕ بەرەکەتتان بۆ دەبارێنێت ، هێزو دەسەڵاتتان بۆ زیاد دەکات، زیاد لە هێز و دەسەڵاتی ئاسایی خۆتان.

وە ئەگەر دەمانەوێت خوای گەورە بەڵا و موسیبەتمان لەسەر لادا و سزامان نەدات ئەوا با (أستغفر الله) زۆر بکەین خوای بەرز دەفەرموێت:﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾(لأنفال:٣٣) واتە:بەڕاستی خوای گەورە سزادەر نیە(سزای کەس نادات) لە کاتێکدا ئەوان داوای لێخۆش بوون بکەن.

وە کە دەمانەوێت خوای گەورە منداڵ و نەوەی چاکمان پێببەخشێت و باران و رزق و ڕۆزیمان بەسەردا ببارێنێت و لێمان خۆش بێت ، ئەوا با (أستغفر الله) زۆر بکەین ، خوای گەورە دەفەرموێت :﴿اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّاراً * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَاراً * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَاراً﴾(نوح :١٠-١٢) واتە: داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارتان بکەن چونکە بەڕاستی لێخۆش بووە * بارانتان لە ئاسمانەوە بۆ دەبارێنێت * و ماڵ و سامان و نەوەتان پێدەبەخشێت ، هاوڕێ لەگەڵ باخ و باخاتدا ، ڕووبار و چەم و جۆگەتان بۆ بەدی دەهێنێت.

ئایا دەتەوێت تاوانەکانت بسڕێتەوە وە چاکەکانت زیاد بکەیت وە پلەت بەرزبێتەوە؟ ئەوا (أستغفر الله) زۆر بکە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَقُولُوا حِطَّةٌ نَغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ﴾(البقرة:٥٨)

واتە: پەروەردگاری ئێمە لەتاوانەکانمان خۆش ببە، سەرەڕای ئەمەش پاداشتی چاکەکاران زۆر بەزیادەوە دەدەینەوە.

کەوابوو برای بەڕێز و خوشکی ئیماندارم بزانە کە (أستغفر الله) کردن دەرمانی دەردەکانی ئێمەیە بۆ هەموو هەڵەو سەرپێچیەکانمان، وە کلیلی سەرکەوتن و ڕزق و ڕۆزی خۆشبەختیەکانمانە، وە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمانمان پێدەکات کە داوای لێخۆش بوو زۆر بکەین و بەردەوام بین لەسەری (يا أيها الناس أستغفروا الله وتوبوا إليه فإني أستغفر الله وأتوب إليه في اليوم مائة مرة) .متفق عليه .




واتە: ئەی خەڵکی داوای لێخۆش بوون زۆر بکەن لە پەروەردگارتان ، وە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بەڕاستی من ڕۆژانە سەدجار داوای لێخۆش بوون لەخوا دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای.

بەراستی خوای گەورە لە کەسێك ڕازی دەبێت کە بەراستگۆیانە داوای لێخۆش بوون لەخوا دەکات،لەبەر ئەوەی دان بەتاوانەکانی دەنێت و خوای گەورەش لێی خۆش دەبێت.

لە کۆتاییدا خودا گیان دڵ و زمانمان ڕابهێنیت بە أستغفرالله کردن و گەڕانەوە بۆ لای تۆ وە کوردستانمان بپارێزێت لە هەموو دوژمن و دەستێکی دەرەکی اللهم آمين

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

ئا:ئادەم عوسمان/ دەرچووی پ/کۆمپیوتەر

## یەکێ لە سێ گرفتە گەورەکەی جیهان

پێزانین‌و ستایش بۆ خوای گەورەو میهرەبان، کە پاک‌و باشەکانی لە خواردن‌و خواردنەوەو پۆشاک‌و ژن‌و ژن خوازی‌و هۆکارەکانی هاتن‌و چوونی بۆ بەندەکانی حەلاڵ کردوەو ڕێزی لێ گرتوون و نیعمەتی خۆی بەسەردا باراندون.

لەولاشەوە هەرچی خراپ‌و پیسییە لێی یاساغ‌و قەدەغە کردوون بۆ پارێزراوبوونیان لە ژیان‌و دوای مردنیشیان، وەکو ڕەحمەت‌و سۆزو دادگەری لەلایەن ئەوەوە ـ سبحانە ـ.

کە هەر خوای گەورەشە خاوەن‌و پادشای بونەوەرو کەون‌و کائینات‌و ئاسمان‌و زەوییەکان، وە مەخلوقاتیش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، لە ڕۆژێکدا کە بۆ لێك جیاکردنەوەو پاداشت دانەوە دیاری کردوە.

**دوای ئەوە:**

بەڕێزان لە ڕاستیدا گرفتی ئالودەبوون‌و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بووەتە کێشەیەکی جیهانی، کە زۆرێکیش دەیەوێت نەیهێڵێت‌و خاك‌و نیشتیمانیان لەو بەڵاو پەتا کوشندەیە پاك بکەنەوە، جا وڵاتی خۆشمان لەوە بەدەرنیەو بەشێکە لەو جیهانەی کە تووشی کارتێکران بۆتەوە، هەر بۆیەش لەو دەردە بێ وەی‌و پارێزراو نەبووە...بەچاو پۆشین لە ئاست قەبارەو ئەندازەی پەتاکە.

**هەندێك توێژینەوە دەریانخستووە کە هۆکارە کەسی‌و شەخسیەکان لەپشت ئەو دیاردەیەوەن، وە دیارترینیشیان ئەمانەی لای خوارەوەن.**

١. سەلماندن‌و جێگیرکردنی پیاوەتی . پێی وایە ئەوە هۆیەکە بۆ ئەوەی بە دەوروبەری بڵێ: کە پیاوە !..
٢. لاسایکردنەوەو چاولێکەری خراپ.
٣. بڵاوبونەوەی کەش‌و هەواو دەرفەت بۆ ڕابواردن‌و گاڵتەو گەپ‌و فریوخواردن.
٤. لەبیرکردنی گرفت‌و کێشە و خەم‌و پەژارە.

**وە لە دیارترین هۆکارە کۆمەڵاتییە یارمەتیدەرەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:**

١. نەبوونی ڕەچاوکردن‌و ئاگالێبوونی دایکان‌و باوکان بۆ ڕۆڵەکان.
٢. بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی خێزان.
٣. دڵ ڕەقی‌و توندی لە مامەڵەکردن.
٤. پەیوەست نەبوونی یەکێك لە دایك‌و باوکان بە پێویستی‌و واجبە ئاینی‌و شەرعیەکان.
٥. سەرقاڵ بوونی دایکان‌و باوکان بە ئەرکی تایبەتی خۆیان.
٦. زیاد لە پێویست نازکێشان‌و لاواندنەوە.
٧. بوونی کێشەو جیاوازی نێوان دایك‌و باوکان.
٨. لێك جیابوونەوەی دایك‌و باوك.
٩. بوونی خێزانی دووەم یا زیاترو هەڵنەستان بە ئەرکی سەرشان لەلایەن باوکەوە.
١٠. مردنی یەکێك لە دایك یاخود باوك یانیش هەردووکیان.

**جا شوێنەوارە کۆمەڵاتیەکان کە دەرهاویشتەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانە لای گەنجان دەکرێت بەم شێوەی لای خوارەوە پۆلێن بکرێت:**

**أ. ئەوەی پەیوەستە بە زیانە شەخسیەکان لەسەر گەنج، ئەمانەن:**

_ بێ موبالاتی‌و بێ باکی لە ژیان‌و کاروبارەکانی ڕۆژانە.

_ دڵە ڕاوکێ‌و خەمۆکی بوون‌و ترس‌و بێ هەستی‌و خەو لێ زڕان‌و کۆکە...

_ دابڕان لە کۆمەڵگەو ئەوەکانی تر.

_ خۆ خواردنەوەو ئازار چێشتنی دەروون‌و هەست کردن بە ناسۆرو کۆژان لە دەرەنجامی ئەو تاوانە.

**هەرچی شوێنەوارە کۆمەڵاتیەکانیشن بەگشتی ئەمانەن:**

+ نواندنی ڕەفتاری نەگونجاوو ئاکاری خراپی وەکو دزین و کوشتن و جگە لەوانەش.

+ دواکەوتن لە خوێندن.

+ ڕاکردن لە ماڵەوە.

+ بوونی کێشەو ناکۆکی لەگەڵ دایك و باوك و براو مامۆستاو هاوڕێ و دۆست و نزیکان.

+ هاوڕێیەتی خەڵکی خراپ.

+ نارەحەت کردنی دانیشتووان و گەڕەك و دەوروبەرو ئاوایی.

+ سەرباری ڕوداوەکانی هاتووچۆش کە ڕێژەیەکی زۆری بەهۆی ئەو گرفتە گەورەوەیە، وەکو داتاو ئامارەکانیش دەریانخستووە.

کەوابێت مادده هۆشبەرەکان ترسناکییان زۆرترە لە بورکان و بومەلەرزەو لافاوو ئاگرکەوتنەوەو پەتاو بەڵاکان.

لەبەرئەوەی ئەو ڕووداوو کارەساتە سروشتیانە زیان و زەرەریان دیاریکراوو سنورداره لە ڕووی کات و شوێنی ڕودانیان، بەڵام مادده هۆشبەرەکان خراپی و لایەنە نەگەتیڤ و نەرێنیەکانیان بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتووشە، هەروەکو خراپەو گەندەڵی لە زەوی بڵاودەکاتەوە، و ئەمن و ئاسایش ناهێڵێ یاخود گرفتی بۆ دروست دەکات، لەولاشەوە لەناوبەری بەهاو ئاکارە باڵاو بڵندەکانە.

دەی ئاخر یەکێکە لە هەرە سێ گرفتە گەورەکانی جیهان کە بریتین لە:.

**جەهل و نەخوێندەواری، وە هەروەها هەژاری، ئینجا مادده هۆشبەرەکان.**

کە کاریگەری خراپیان لەسەر هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی هەیە.

کەوابێت گومانم نیە لە دوای ئەو دەرهاویشتە خراپانەی مادده هۆشبەرەکان کە مرۆیەکی وا بەرهەم دێنێت و لە کەسێکی ئەوتۆدا کۆدەبێتەوە کە خاوەن خەسڵەتی دوژمنکارانەیە بەرامبەر خۆی و خێزانی و دەوروبەریشی، کە وردە وردەش پەیوەندییە خێزانی و مرۆییەکان بەرەو لەناوچوون دەبات...و نزیکترین ڕێگەشە لەوەی خاوەنەکەی بەرەو ئیرهاب و تیرۆر ببات.

بۆیە دەبێت بایەخ بە ڕۆشنبیری شەرعی و کۆمەڵایەتی بدەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردە نەخوازراوەو سەرلەنوێ تاك بوونیاد بنێینەوەو ڕۆڵی قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان کارا بکرێن بۆ خزمەتی دین و ژینی کۆمەڵانی خەڵك و هاونیشتیمانیان و بەرەو هەواری خۆشبەختی بردنیان. بە پشتیوانی خوا.

هەروەکو خێزانیش ئەرکێکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ لە ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ لێك حاڵی بوون و دوورکەوتنەوە لە گرفتە دەرونییەکان..

لەولاشەوە بایەخ بدرێت بە فێرکردن و فێربوونی بنەماو ڕێنماییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بەو شێوەی پێشینی چاك لێی حاڵی بوون[٢].

جیهاد قادر عەلی، مامۆستا لە ز. ڕاپەرین.

=======================




[٢] بڕوانە: أ . الإرهاب والمخدرات، ب . الموقف الحق مما ابتلي باستعماله كثير من الخلق، ج . انحراف الشباب.

## ئایا ئیسلام دژ بە پێشکەوتنە

پێدەچێت زۆرێك لە موسوڵمانان و جگە لە موسوڵمانان ئەوە لە مێشکیاندا چەسپابێت کە گوایە ئیسلام دژ بە پێشکەوتنە هۆکارەکەشی بە لایەنێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بەشێوەیەکی خراپ باس لە موسوڵمانان و مێژووی موسوڵمانان دەکەن، بەڵام گەر چاوێك بە لاپەڕەکانی مێژوودا بخشێنین دەبینین یەکەم نەخۆشخانە کە لە وڵاتی موسوڵماناندا دروستکراوە لە شاری دیمەشق بووە بە٩٠٠ ساڵ بەر لە یەکەم نەخۆشخانە کە لە پاریس دروستکراوە، وە لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا بەغدادی پایتەختی ئەو دەوڵەتە بووە بە پایتەختی هەموو جیهان و خەڵکی لە هەموو لایەکەوە بۆ خوێندن ڕوویان لێکردووە، بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی موسوڵمان کە هەوڵبدەین بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شارستانێتیە وە پێویستە لە خۆمان بپرسین ئایا بە دیموکراسیەت پێشدەکەوین؟ نەخێر بە کتێبەکەی خوا، ئایا بە علمانیەت سەردەکەوین؟ نەخێر بە سونەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)،ئایا بە شوێنکەوتنی ڕۆژئاوا سەرفراز دەبین؟ نەخێر بەڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایا بە خوێندنەوەی ژیانی شکسپیر و ڤۆڵتێر بەختەوەر دەبین؟ نەخێر بە خوێندنەوەی ژیاننامەی هاوەڵان (ﷺ) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً .. ﴾

واتە :خوای گەورە بەڵێنی بەو کەسانە داوە کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاك ئەنجامدەدەن کە بەڕاستی جێنشین و پایەداریان دەکات لە زەویدا هەروەك چۆن ئیمانداران پێش ئەمانی نیشتەجێ کردووە ئەو دین و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت کە خوا خۆی پێی ڕازییە هەروەها ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی من دەپەرستن و هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ بڕیار نادەن .

ئارام شێخانی
کۆلێجی پزیشکی گشتی

## گـــــۆرانی و مـۆسـیقا

لەڕاستیدا یەکێك لەو نەخۆشی و دیاردە خراپانەی کە لەنێو قوتابی وخوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکاندا بەربڵاوەو بەشێوەیەکی فراوان وبەردەوام لەبەرچاوەو هەستی پێ دەکرێت، تەنانەت لەنێو هۆڵ وکتێبخانەو کافتریاو مۆبایل و شوێن وجێگاکانی تری نێو ئەو دام ودەزگایانەی کە مۆڵگەو نشینگەی زانست وزانیارین (زانکــۆ و پــەیمانگا)، بەشــێوەیەکی کاریگـــەر خوێندکارانی سەرقاڵ کردووەو کاتێکی زۆری پێوە بەفیڕۆ دەدەن و خۆیانی پێ تاوانبار دەکەن: بریتیە لە گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا بە هەموو دەنگ وڕەنگە جیاواز وهەمەجۆرەکانیەوە.

خوێندکارانی خۆشەویست: ئەوەی پێویست وگرنگە لێرەدا بووترێت وخاڵی لەسەر دابنرێت ئەوەیە کە دەبێت بزانرێت حوکمی شەرع چیە لە پێشدا سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقا، بۆ ئەوەی ڕوون ببێتەوە لای تۆی خوێنەری بەڕێز چونکە دڵنیام (إن شاء الله) کە ئەگەر بەڕێزت بزانیت شتێك حوکمەکەی حەرام وقەدەغە کراوە لەشەرعی خواو پێغەمبەردا ﷺ تۆش دوور دەکەویتەوە لێی وخۆت گوناهبار ناکەیت، وە بەدڵنیاییەوە یان ئەوەتا کە نازانیت حوکمەکەی چیە، یان بەهەڵە لەلایەن دەستەو کۆمەڵەیەکەوە بۆت حەڵاڵ کراوەو تۆش لەسەری ڕۆیشتووی.

خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُواً أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٦)﴾ {لقمان} واتە: هەندێ لەخەڵکی هەیە قسەو باسی بێهوودە دەکڕێ (وەك گۆرانی ومۆسیقا) بۆ ئەوەی بەنەزانی خەڵك لەڕێگای خوا گومڕا بکات وە ڕێگای خوا دەکاتە جێگای گاڵتەو لاقرتی، ئەوانە سزای ڕیسواکەریان بۆ هەیە. زۆربەی زانایانی تەفسیری قورئان سەبارەت بە ووشەی " لَهْوَ الْحَدِيثِ " کەلە ئایەتەکەدا هاتووە دەڵێن: مەبەست پێی گۆرانی ومۆسیقایە. وەك: ابن عباس وعبدالله ی کوڕی

مسعود و مجاهد وعكرمه وجگە لەوانیش. تەنانەت ابن مسعود سوێند دەخوات بەخوا کەمەبەست لەو وشەیە بریتیە لە گۆرانی!!

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی صحیحدا کەلە بوخاریدا هاتووە دەفەرموێت: " لَيَكونَنَّ مِنْ أُمتي قوم يستحلّون الحرَ والحريرَ والخمرَ والمعازف " واتە: لەناو ئوممەتەمەکەمدا کەسانێك پەیدا دەبن کە زیناوداوێن پیسی و پۆشینی ئاوریشم و مەی خواردنەوەو مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن !!

پێشەوا أبو حنيفه – بەڕەحمەت بێت – " کان يكره الغناء و يجعله من الذنوب " واتە : حەزی بە گۆرانی نەبووەو بەتاوان هەژماردوویەتی ودایناوە. ( مەزهەبی ئەبوحنیفە توندترین مەزهەبە لەبارەی حەرامێتی وناشیاوێتی گۆرانی ومۆسیقا).

پێشەوا مالك – بەڕەحمەت بێت – دەڵێت: " إنما يفعله عندنا الفُسّاق " واتە: بەڕاستی – گۆرانی ومۆسیقا– لای ئێمە تەنها کەسانی فاسق گوێی لێ دەگرن وبەکاری دەهێنن.

پێشەوا شافعی – بەڕەحمەت بێت – دەڵێت: " إن الغناء لَهوٌ مكروه، يُشبِه الباطل والمحال، ومن استكثر منه، فهو سفيه تُرَدّ شهادتهُ " بەڕاستی گۆرانی بێ مانایە و بێزراوە، شتێکی ناڕەواو بێ سوودە، وە ئەوەی زۆر گوێی لێ بگرێت، ئەوا گەمژەو بێ مێشکە و شایەتی لێ وەرناگیرێت وڕەد دەکرێتەوە!!

پێشەوا ئەحمەد – بەڕەحمەت بێت – دەڵێت: " الغناء يُنبتُ النفاقَ في القلب " واتە: گۆرانی تۆوی دوڕوویەتی دەچێنێت لە دڵدا.

هەروەها زانایانی مەزهەبی ئەهلی کوفە هەمان بۆچوونیان هەیە سەبارەت بە گۆرانی ومۆسیقا، وەك: سوفیان وحەماد وإبراهیم و شەعبی و جگە لەوانیش، هیچ ڕاجیاوازیەك لەنێوانیاندا نیە لەوبارەیەوە، هەروەها زانایانی ئەهلی بەصرەیش ڕاجیاوازی نیە لەنێوانیاندا سەبارەت بەو بابەتە.

پێشەوا ابن القيم – بەڕەحمەت بێت – دەڵێت: " شیاو نیە بۆ کەسێك کە بۆنی زانستی کردبێت بوەستێت لە حەرامێتی گۆرانی ومۆسیقا وئامێرەکانی، کەمترین شتێك لەو بارەیەوە ئەوەیە کە گۆرانی ومۆسیقا دروشمی کەسانی فاسق ومەی خۆرەکانە !"

جا ئەی خوێنەری ژیرو تۆبەکار: ئەوە فەرمایشتی خوای گەورەو فەرموودەی پێغەمبەری ئازیز ﷺ و ووتەی هەرچوار مەزهەبەکەو بۆچوونی هەندێك لەزانایانی تریش لەوبارەیەوە بەرچاوت کەوت وخوێندتەوە، وە ئەگەر لەبەر درێژی بابەتەکە نەبوایە ئەوا زۆرتر درێژەم پێ دەدا، بەڵام هەر ئەوەندە بوار هەیەو ئەوەی کە پێویست بوو خرایە بەرچاو، جا ئیتر ئومێدەوارم پەشیمان ببیتەوەو بەخەڵك و هاوڕێکانیشت ڕابگەیەنیت بۆ ئەوەی ببیت بە چرایەکی ڕووناك کەرەوە بۆ خۆت وخەڵکیش.

وە دڵنیا بە کە گوێگرتن لە گۆرانی دڵ نەخۆش دەخات وخۆشەویستی خوا لە دڵ دەردەکات و حەزکردنت بۆ گوێ گرتن لە قورئان نامێنێت، وە ئەوە بزانە ئەمە یەکێکە لە فێڵ وپیلانەکانی شەیتان کە بۆ ئادەمیزادی داناوەو لەخشتەمان دەبات پێی.

بەڕێزان: لەبەر خراپێتی و کاریگەری نەرێنی گۆرانیە کە لە قورئان وفەرموودەدا زیاد لە چواردە ناوی هاتووە بۆ ئەوەی زیاتر بێ فەرێتی گۆرانی دەرکەوێت فەرموو ناوەکانی بخوێنەوە، ئەوجا خۆت حوکم بدە:

ناوەکانی گۆرانی: اللهوُ، اللغوُ، الباطل، الزُّور، المُكاء، التّصدية، رُقيةُ الزِنى، قُرآنُ الشيطان، مُنبِتُ النفاق في القلب، الصوتُ الأحمَق، الصوتُ الفاجر، صوتُ الشيطان، مَزمور الشيطان، السُّمُودُ.

أَسْماؤهُ دَلّتْ على أَوصافِهِ  تَبّاً لِذِي الأَسماءِ وَالأَوْصافِ[*]

**پشتیوان حسن کەرەم**

**دەرچووی ئینگلیزی / سلێمانی**

[*]لە کتێبی " إغاثة اللهفان "ی ابن القيم وەرگیراوە بە دەستکاریەوە.

## کەسی ژیر کێیە؟!

الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلَى مَنْ لاَ نَبـِيَّ بَعْدَهُ.

**لە پاشاندا:.**

**مردن ڕاستیەکی نادیار و حازرە، نادیارە لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کەم بیری لێدەکەنەوە، وە ئامادەیە لەبەرئەوەی ڕاستیەو بیندراوە، خەڵکی هەموو ڕۆژێك دەیبینن، شاراوە نیە لە هیچ کەسێك، مردن ڕاستیەکە هەموو دروستکراوێك تەسلیمی بووە، وە ڕوون بووەتەوە بۆ هەموو مرۆڤێك، خوای گەورە بە جیاکەرەوەی دوو ژیانی داناوە، ژیانی دونیاو ژیانی ئاخیرەت، ئیماندار دەگوازرێتەوە لە ماندویەتی دونیا بۆ خۆشبەختی ئاخیرەت، وە کافریش دەگوازرێتەوە لە خۆشی دونیاو تامو لەزەتەکەی ـ ئەگەر هەی بوبێت ـ بۆ ناخۆشیو عەزابی ئاخیرەت.**

**خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرموویت:** ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٢.

**پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا** (ﷺ) {أَيُّ الْمُؤْمِنِينَ أَكْيَسُ؟ قَالَ: «أَكْثَرُهُمْ لِلْمَوْتِ ذِكْرًا، وَأَحْسَنُهُمْ لَهَا اسْتِعْدَادًا»}(سنن ابن ماجه برقم:(٤٢٥٩)، وقال الألباني حسن)

**واتە:(ژیرترین ئیماندار کێیە؟ فەرمووی** (ﷺ):(( **ئەوەی کە زۆر یادی مردن دەکات، وە بە باشترین شێوە خۆی بۆ ئامادە دەکات)).**

**برای لاوم...**

**هەموو ڕۆژێك یەکێك دەمرێتو جا ئەو کەسە ڕەنگە نزیك بێت لێتەوە یاخود دوور، یا ڕەنگە خۆشەویستی تۆ بێت یا کەسێك بێت حەز بە چارەی نەکەیت، یا کەسێکی زانایە یان کەسێکی بێ عیلم و جاهل، بچوکە یا گەورە، گەنجە یاخود پیر، منداڵێکی شیرە خۆرەیە یاخود پیرێکی پەککەوتە، خوای گەورە ـ سبحانە ـ ئەجەلی هەموو بەندەکانی دیاری کردووە، وە هیچ کەسێك لە ئێمە نیە کە ئەجەلەکەی دیاری نەکرابێت، وە تەنها خوای گەورە دەزانێت ئەو ئەجەلە لە چ سات و کاتێك دا دێت!!**

**خوشك و برای لاوم...**

**دونیا وەکو ژورێك وایە ئەم ژوورە تەنها یەك دەرگای هەیە بۆ چونە دەرەوە، دەرگاکەش مردنە، هەر یەکێك لە ئێمە دەبێت بەم دەرگایەدا تێپەڕ ببێت و بیکاتەوە، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی دوای کردنەوەی ئەو دەرگایە خۆش بەخت دەبێت، وە خەسارەتمەندیش بۆ ئەو کەسەی دوای کردنەوەی ئەو دەرگایە دەڵێت:** ﴿... رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَـٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ﴾ المؤمنون: ٩٩ – ١٠٠.

**موسڵمانی خۆشەویست...**

**زۆرێکمان بینی لەم دونیایە کە ئاواتی زۆر گەورەی هەبوو، وە زۆریکیشمان بینی بەرنامە و پڕۆژەی وەهای هەبوو هەرگیز بیری لەوە نەکردبوّوە کە مردن وا زوو یەخەی دەگرێت!!**

**دۆست و ئازیزانم...**

**شەمەندەفەری مردن دێت کێ کاتی سەفەری هاتبێت لەگەڵ خۆی هەڵی دەگرێت، پرس ناکات ئامادەی یاخود نا، کەلو پەلی سەفەری ئامادە کردووە یانیش نا، جا ئەمڕۆ سەرەی منەو سبەی تۆو دوو سبەیش کەسێکی ترو... ئەمە بەردەوام بووەو بەردوامیش دەبێت تا کەسێك لە ژیاندا مابێت.**

**برا و خوشکی لاوم...**

**تاکەی لە خەوی غەفڵەت دای، تا کەی بیرناکەیتەوە کە مردن کاتی هاتنی دیار نیە، بۆ بیر ناکەیتەوە کە مردن پرست پێ ناکات تا تۆش بڵێیت: خۆم ئامادە نەکردووە!!**

**خوێنەری سەنگین...**

**پێش ئەوەی مردن بێت خۆتی بۆ ئامادە بکە تا کاتێك هات بڵێی (قدموني قدموني) پەلەم لێ بکەن! پێشم بخەن و بم بەن! بۆ ئەوەی بگەم بەو بەهەشتەی کە خوای گەورە وادەو بەڵێنی بە ئیمانداران داوە.**

برای لاوم...

خۆشی دونیا کاتیەو خۆشیەکانی دوای مردن نەبڕاوەن، وە کەسی ژیر بۆ خۆشیەکی کەمی دونیا، خۆشیەکی نەبڕاوەی قیامەت لەدەست خۆی نادات:

﴿ ... إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ ﴾ غافر: ٣٩.

لە کۆتاییدا: داواکارم لە خوای گەورە کە ئاخیر خێرمان بکات، وە بمان گێڕێت لەو کەسانەی کە ژیانی دوای مردنیان خۆش بەختیو کامەرانیە، وە داواکاریشم لێی لە گوناهی دایكو باوكمان خۆش بێتو بە بەهەشتەکەی خۆی شادیان بکات.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَصَلَّى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ، وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ.

سۆران عثمان رسول

دەرچووی ئامار، ز.صلاح الدين

==============================

**پێشەوا مروزی دەڵێت :**

جارێکیان چومە ژوورەوە بۆ لای پێشەوا أحمدی کوڕی حەنبەل و لێم پرسی : وەزعت چۆنە چۆن ڕۆژت لێ بوویەوە ؟ ئەویش وتی : ڕۆژی ئەو کەسە چۆن بێ کە پەروەردگاری داوای جێبەجێ کردنی فەرزەکانی لێ بکات ، و پێغەمبەرەکەشی داوای جێبەجێ کردنی سوننەتەکانی لێ بکات ، و دوو فریشتەکەی داوای چاککردنی کردەوەکانی لێ بکات ، و نەفسی داوای حەزو ئارەزووەکانی لێ بکات ، و شەیتان داوای خراپەکاری لێ بکات ، و فریشتەی ڕوحکێشان بەدوای ڕۆح لێسەندنیدا بگەڕێت ، و منداڵەکانیشی داوای بژێوی ژیانی لێ بکەن؟! طبقات الحنابلة ١/٥٧

# معتزله : گروپی ئیسلامی بە ڕواڵەت تێگەیشتوو و بە ناوەڕۆك نەفام

بسم الله و الصلاة و السلام على رسول الله .... أما بعد :

موسوڵمانانی خۆشەویست بە ڕاستی لەم ڕۆژگارەدا ئەوەندە پێڕ و گروپ لەناو موسڵماناندا دروست بووە ، کە سەیر دەکرێن ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا بیردەکەوێتەوە کە فەرموویەتی : (( لە داهاتوویەکی نزیکدا ئوممەتەکەم پارچە پارچە دەبن ، و دەبنە حەفتا و سێ پێڕ و گروپەوە ، و هەمووشیان لە ئاگرن جگە لە یەکێکیان نەبێت )) ، هاوەڵان پرسییان ئەی پێغەمبەری خوا گورپی ڕزگاربوو کامەیە ؟ ئەویش فەرمووی : ئەو گروپەیە کە لەسەر ئەوەن کە ئەمرۆ من و هاوەڵانی منی لەسەرە .

ئەگەر سەیری ئەمڕۆی موسوڵمانان بکەین دەبینین پارچە پارچە بوونی موسوڵمانان بۆ پێڕ و گروپ زۆر بە ڕوونی دەرکەوتووە و ئاشکرا بووە ، تا وای لێهاتووە موسوڵمانان لەبەر بوونی ئەم هەموو پێڕ و گروپە سەریان لێ تێکچووە ، و نازانن بۆ ڕزگاربوونیان لە ئاگری دۆزەخ دوای کام پێڕ و گروپ بکەون ، چونکە هەر یەکێك لەوانە خۆی بە ڕاست و دروست دەزانێت ، لاف ئەوەش لێدەدات .

یەکێك لەو پێڕ و گروپانەش کە لە سەردەمانی زوودا سەری هەڵداوە تا ئێستاش بیرۆکەکانی لەناو موسوڵمانانا هەن بریتی یە لە موعتزلە ، جا بۆیە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار لەم باسەدا هەوڵ دەدرێت پرس و باسی بنچینەی دامەزراندنی بیروباوەڕی معتزلە بخرێتە ڕوو ، بۆ ئەوەی موسوڵمانانی خۆشەویست بزانن و بە ئاگابن لەوەی کە ئایە بیروباوەڕی موعتەزلە لەسەر چی دامەزراوە ؟ ئایە بیروباوەڕی موعتزلە لەسەر قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دامەزراوە ؟ یان بنچینەی دامەزراندنەکەیان تەواو پێچەوانەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، و زۆر دورە لە

قورئان و سوننەت و تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانەوە؟ چونکە بەڕاستی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەندە باسی بیرۆچکەی موعتزلە کراوە و بەجۆرێك بەرزڕاگیراوە لەلایەن هەندێك سەرەنەزانی بەناو بانگخوازی ئیسلامی نەزانەوە وای لیّ هاتووە زۆرێك لە خەڵکی چەواشەکراون ، جا لەبەر ئەمە بە پێویست زانرا ئەو بنەوایە بخرێتە ڕوو کە بنچینەی بیروباوەڕی موعتەزلەی لەسەر دامەزراوە ، بۆ ئەوەی موسوڵمانانی بەڕێز و خۆشەویست بزانن و بە ئاگا بن لەوەی کە بیروباوەڕی موعتەزیلە لەسەر عەقل دامەزراوە ، و شتێك گرنگی پیّ نەدەن و ئاوەڕی بەلادا نەدەنەوە بریتی یە لە قورئان و سوننەت ، و تیگەیشتنی پیشینە چاکەکان .

بەرنامە و ڕێبازی موعتزلە بەرامبەر قورئان و سوننەت بریتی یە لە :

١ ـ ئەگەر ئایەتێك یەك نەگرێتەوە لەگەڵ عەقڵ و تێگەیشتن و ڕاوبۆچوونی کاڵفامیان ، ئەوا واتاکەی دەگۆڕن و لای دەدەن لە واتاکەی خۆیەوە بۆ واتایەك کە لە گەڵ ڕاوبۆچوون و هەواوئارەزووەکانیان یەك بگرێتەوە .

٢ ـ ئەگەر فەرموودەیەکی صحیح لەگەڵ ئەقلی ئەم کاڵفامانە یەك نەگرێتەوە ، ئەوا :

أ ) واتاکەی دەگۆڕن ، بۆ واتایەك کە لەگەڵ عەقڵ و تێگەیشتنیان یەك بگرێتەوە .

ب ) بەدرۆی دادەنێن ئەگەرچی لە هەردوو کتێبی صحیحی ( بوخاری و مسلم ) یش هاتبێت .

ج ) تانە و تەشەر لەو کەسانە دەدەن کە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە ئەگەر چی ئەو کەسە هاوەڵی پێغەمبەری خواش بێت ﷺ .

د ) یان دەڵێن ئەم فەرموودە چەند کەسێکی کەم گێڕایانەتەوە ( واتە : ئاحادە ) ، ئێمە ئەم جۆرە فەرموودە لە بیروباوەڕ وەرناگرین ، وە تەنها ئەو فەرموودانە وەردەگرێن کە دەبێت ئەوەندە کەس بیگێڕنەوە ژمارەیان دیاری نەکرا و زۆر بن ( موتەواتر ) ، بەم کارەشیان زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەتدەکەنەوە ، چونکە زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم جۆرە فەرموودەن .

ابن حزم ووتوویەتی : ( بەڕاستی هەموو موسوڵمانان لەسەر وەرگرتنی ئەو فەرموودانەبوون کە یەك کەسی متمانە پێکراو لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕایەوە ، هەموو گروپەکانیش لەسەر ئەمە بوون ، هەتاوەکو قسەزانەکانی معتزلە پەیدابوون دوای سەد ساڵ لە مێژوو ، و پێچەوانەی یەکدەنکی هەموو موسوڵمانانیان کرد لەوەدا ) [ الأحكام :١/١٠٢ ] .

ووتەی هەندێك لە سەرە نەزانەکانیان لە کۆن و تازەدا بۆ ڕاستی و دروستی ئەوەی کە خستمانە ڕوو .

١ ـ عمرو ی کوڕی عوبیدی موعتەزیلی لە کاتێکدا کە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوای بۆ دەگێڕنەوە دەڵێت : ( ئەگەر لە ( أعمش ) بیستبام . کە یەکێکە لە پێشەواکانی ئیسلام . بە درۆم دەخستەوە ! ، وە ئەگەر لە ( زيد ی کوڕی وهب ) ەوە بیستبام بە ڕاستم نەدەزانی !! ، وە ئەگەر لە ( ابن مسعود ) م بیستبا وەرم نەدەگرت !!! ، وە ئەگەر ئەمەم لە پێغەمبەری خوام بیستبا ﷺ ، ئەوا ڕەتم دەکردەوە !!!! ، وە ئەگەر ئەمەم لە خوا ببیستبا ، ئەوا دەموت تۆ لەسەر ئەمە عەهد و پەیمانت لیّ وەرنەگرتووین !!!!! ) . [ التنكيل بما في تأنيب الكوثري من أباطيل ] .

٢ ـ وە عمرو ی کوری عبید ووتوویەتی : سوێند بە خوا ئەگەر بەڕاستی علي و عثمان و طلحة و زبير ، شایەتیم لەلا بدەن لەسەر شەریکی لە نەعلێکدا ئەوا وەرم نەدەگرت ، وە لەسەر سمرة ی کوڕی جندب ووتوویەتی : ( چی بە سمرة دەکەیت خوای پەروەردگار سوك و ڕسوا و بێڕێزی بکات ! ) [تاريخ بغداد: الخطيب البغدادي (١٢/١٧٦-١٧٨) نقلاً من ( العصرانيون...) ص ١٧ ] .

**٣ ـ زمخشری کە یەکێکە لە سەرەنەزانەکانیان لە کۆندا دەڵێت : ( لەژێر ئالای عەقڵدا برۆ ، و باوەڕ بە گێڕاوەی فلان و فلان مەکە، چونکە شێرێکی کۆتکراو لە هێلانەکەیدا سەربەرزتر نی یە لە پیاوێکی کۆتکراو لەبەرامبەر کەسی خاوەن بەڵگە ، وە بزنی گەڕ و تەڕ لەژێر هەوایەکی ساردا ڕیسواتر نی یە لە کەسی لاسایکەرەوە لای خاوەن بەڵگە ، وە هەرکەسێك لە بنچینەکانی بروباوەڕیدا شوێنی لاسایی کردنەوەی بکەوێت ، ئەوا کلیلەکەی ونکردووە لە پشتی دەرگاکەوە)** [ أطواق الذهب في المواعظ و الخطب مقالة / ٣٧ ص٢٨ ].

**٤ ـ وە محمد رشید رضا ـ کە یەکێکە لە شوێنکەوتوانیان لەم سەردەمانەی دواییدا . لەسەر کعب ی کوڕی أحبار ووتوویەتی :** ( کعب ی کوڕی أحبار **ئەو کەسەیە کە من دڵنیام و پێداگری دەکەم لەسەر ئەوەی کە درۆزنە ، بەڵکو متمانەم بە باوەڕهێنانەکەشی نی یە** ) .[ تفسیر المنار مجلد٢٧/٦٩٧ ] .

**٥ ـ وە** ( قرضاوي ) **یش . کە سەرە نەزانێکی تری ئەم سەردەمەیە . لەبارەی خاچ پەرەستەکانەوە دەڵێت : ( هەموو پرس و باسەکان لەنێوانماندا هاوبەشە ، چونکە ئێمە کوڕی یەك خاکین ، وە داهاتووشمان یەکە ، وە ئومەتەکەشمان یەکە ، من لەبارەی ئەوانەوە دەڵێم برا مەسیحییەکانمان ، هەندێك نکۆڵی ئەمەم لێ دەکەن کە چۆن دەڵێم برا مەسیحییەکانمان ؟ وە دەڵێن** ( إنما المؤمنون إخوة ) ، **دەڵێم بەڵێ ئێمە بڕوادارین ، وە ئەوانیش بڕوادارن لە ڕوویەکی ترە .** [ برنامج الشريعة والحياة : في ظل الشريعة الإسلامية ١٢/١٠/١٩٩٧م ] .

**لێرەدا قەرەزاوی نەك دان بەوەدا نانێت کە ئەوان موسوڵمان نین بەڵکو پلەی باوەڕیشیان پێدەبەخشێت کە پلەیەکی بەرزترە لە موسوڵمان بوون ، بەمەش دەیان ئایەتی خوای پەروەردگار بە درۆ دادەنێت و** العياذ بالله .

**خوای پەروەردگار فەرموویەتی :**

﴿ لقد كفر الذين قالوا إن الله ثالث ثلاثة .... ﴾ ،

**وە فەرموویەتی :** ﴿ لعن الذين كفروا من بني إسرائيل على لسان داوُد و عسى ابن مريم ﴾ .

**وە دەشڵێت : ( بەڕاستی خۆشویستنی موسوڵمان بۆ جگە لە موسوڵمان هیچی تێدا نی یە )** . [غير المسلمين في المجتمع الإسلامي :ص ٦٨] ، **لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا** ﷺ **دەفەرمووێ :** (( لا تصاحب الا مؤمنا ولا يأكل طعامك الا التقي )) ، **وە دەفەرمووی :** (( المرء مع من أحب [ يوم القيامة ] )) ( البخاري ومسلم والزيادة عند ابن ماجة ، برقم : ٣٥٣٥ ) .

**بەمەش بۆمان ڕوون بووەوە کە موعتەزیلە لە کۆن و تازەدا زۆر دوورن لە دەقە شەرعییەکانەوە ، و بەڕاستی بەناو تێگەیشتوو و بەناوەرۆك نەفامن ، وە پێویستە ئاگامان لە بەناو میانڕەوەکانی ئەمڕۆش بێت ، چونکە بەڕاستی میانڕەوی بریتی نی یە لە گۆڕینی واتای دەقە شەرعییەکان و ڕەتکردنەوەیان ، و شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو ، بەڵکو ئاینی ئیسلام خۆی بۆ خۆی ئاینێکی میانڕەوە ، و پێویستی بەوە نی یە ئەمرۆ پێر و گروپێك بێت ، لاف ئەوە لێ بدات کە ئەمان میانڕەون ، لە هەمان کاتیشدا هیچ گرنگییەك بە دەقە شەرعییەکان و تێگەیشتنی پێشینە چاکەکان نەدات .**

**بەمەش دێینە کۆتایی ئەم باسە ، لە زنجیرەی داهاتوودا بە ویستی خوای پەروەردگار باسی هەڵویستی پێشینە چاکەکانمان بەرامبەر دەقە شەرعییەکان ، و پلە و پایەی عەقڵ لای پێشینە چاکەکان دەکەین .**

**حسين عمر عثمان**

**دەرچووی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان ـ سلێمانی**

# هەڵوەشێرەوەکانی ئیسلامەتی

**الحمد لله و الصلاة و السلام علی رسول الله:**

**ئازیزان..**

جێی بایەخە کە لامان ڕوون بێت ، موسڵمان بوون واتە هاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە . بە مانایەکی تر ، تەنها لەسەر ئاینی ئیسلام ئەو ناوە و پلەیە وەردەگرین کە ( موسڵمانێتی )یە.

ئەوەش بە دوو بنچینە و پێنج خاڵی ڕازاندنەوە..

کە دەتوانین بە ( ئیمان هێنان ) ڕونی بکەینەوە..

ئەو دوو بنچینەیە ( باوەڕ و کردار )ە کە بە خاڵەکانی ( باوەڕبوون بە ناخ ، دانپێدانان بەزمان ، چەسپاندن بە کردار ، بەکاری چاکە زیاد دەکات ، بەکاری خراپە کەم دەکات ) تەواو ماناداد و بەرجەستە دەبێت..

بەڵام بابەتی لێدوان و ڕونکردنەوەمان ئەوەیە کە ئێمە ڕازیبووین و وا خەریکین و دەمانەوێ ( ئیسلامەتی ) یان ( ئیمانداری ) بەدەست بهێنین.. بەڵام جێی گرنگی و بایەخە کە بزانین و وریابین کە هەندێ شت هەن لەوانەیە ئەنجامیان بدەین یان کەسانێك هەبن لە دەوروبەرمان ئەوکارانە ئەنجا بدەن و مەترسیەکەی نەزانن..

ئەویش (**هەڵوەشێرەوەکانی ئیسلامەتیە** ) ..

لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە ژایانیدا خەریکە و سەرقاڵە ، لەوانەیە توشی چەوتی و خراپە بێت ، هەندێ هەڵە بە زیکر و دەست نوێژ و نوێژ و بەندایەتی کردن دەسڕێتەوە و خوای بە بەزەیی لێبوردەیە بەرامبەری..

هەندێ تاوانی تریش هەیە پێویستە بە تایبەت و دیاری کراوی تەوبەی لەسەر بکرێت ، وە هەندێ تاوانیش هەیە سەرەڕای تەوبە باج ( فیدیە )شی دەوێت ، تاوانی واش هەیە لێدان و سزای ناڕەحەتی هەیە بۆ ئەوەی تەواو لەسەر مرۆڤ بکەوێت..

بەڵام ترسناکیەکانی هەندێ هەڵە ئەوەن کە ئیسلامەتی لە ڕیشە دەردێنن ، کە ئەمەیان جێی مەبەستی ئێمەیە و بابەتی گفتوگۆمانە..

ئیسلام ئاینێکی دیاری کراوە و سنورێکی ڕوونی هەیە ، دەکرێت مرۆڤێك لە دەرەوەی ئەو سنورە بێت ، دەشتوانێ بێتە نێو سنوری ئیسلامەوە و دەرگا لەکەس دانەخراوە ، بەهەمان شێوە ئیسلامەتی هەندێ خاڵبەند و ماددەی دیاری کراوی هەیە ، هەندێ لەوانە ( ئەرێنی ) یە کە لەسەرمانە ئەنجامی بدەین. هەندێکی تر ( نەرێنی )یە کە دەبێت وریایان بین و توخنیان نەکەوین..

چونکە ئەرێنیەکانی وەکو ( شایەتومان و نوێژ و ڕۆژوو...) ئیسلامەتی دەچەسپێنن و ئیمانی موسڵمانی پێ زیاد دەبێت و چاکە و پاداشتی دواڕۆژی بۆ فەراهەم دەکات..

نەرێنیەکانی وەکو ( شیرك و کحولەکان و زینا و ...) ئیمانی پێ لەناو دەچێت و بەهەندێکیش ئیمان لاواز و ناتەواو دەبێت..

کەواتە بابەتەکەمان جێی گرنگی دەبێت کە بەتایبەتی باس لەوانە دەکەین دەبنە هۆی لەناوچونی ئیسلامەتی و باوەڕ ڕیشەکێش دەکەن و کردارە چاکەکانی پێشوو دەسڕنەوە و ئەگەر کەسێك لەسەر ئەو کردارانە بژی و بمرێ و تەوبەی نەکردبێت دەبێتە دانەیەك لە خەڵکانی دۆزەخی ترسناك و بڵێسەدار.. خودا پەنامان بدات و بمانپارێزێت و دورمان بکاتەوە لەو جۆرە ئاکامانە.

جێی بایەخە کە بزانین ئەم نوسینە و خوێندنەوەی و تێگەیشتنی ، تەنها بۆ ئەوەیە کە ئێمە بۆ خۆمان وریای تێخزان بین بەو هەڵانە.. بۆ خەڵکیشی ڕوون بکەینەوە تا وریابن.. نەوەك بۆ ئەوە بێت حوکمی خەڵکی بدەین و بەربینە گیانی خەڵکی.. نەخێر دیاری کردنی حوکمی خەڵك و تۆمار کردنی لە ئیسلام و

دەرکردنی لەو بازنە پڕ میهرەی کە خوای گەورە بە بەندەکانی بەخشیوە هەروا ئاسان و سادە نیە..

ئێمە بۆ فریاکەوتنی خۆمان تێدەکۆشین..

بۆ بابەتی حوکمدانی تاکێك یان کەسانێك پێویستە دادوەر ( قاضي ) شەرعی و لێزانی ئاینی و زانای بە زانست و دین پەروەر و دانپێدانراو لە نێو موسڵماناندا بە ڕێوشوێنی گونجاوی شایستە ، دوای بانگکردنی تاکی توشبوو بە یەکێك لە پوچەڵ کەرەوەکان و ڕوون کردنەوەی بابەتەکە و کات پێدانی بۆ بیرکردنەوە و گەڕانەوە ئەوجار ڕوون دەکرێتەوە کە ئایا لە ئیسلامەتیدا ماوە یان نا..

گرنگ ئەوەیە کە حوکمی تەکفیر و خەڵك لە ئیسلام دەرکردن ئیشی ئێمە نیە بەڵکو ئیشی زانایانی دانا و جوان بیر و خۆش سەلیقەیە بەو بابەتە..

ئێمە دەمانەوێ ئەلف و بێی بابەتەکە ببینین و ببیستین بۆ ئەوەی وریای حاڵی خۆمان بین و ئیمان و ئیسلامەتی خۆمان بپارێزین لەو هەڵانەی کە هۆکاری لەناوچوونی باوەڕ و ئیمانن.. وە لەناوبەری کردارە چاکەکانمانن.

بۆیە تکام وایە لە خوای گەورە ، ئەوەندە هاوکاری بکات بۆ ڕونکردنەوەی ئەو بابەتە کە گرفتێك لە بیروبۆچونمان نەهێڵێت و سەقامگیرمان بکات لەسەر ئیسلامەتی و لە هەڵەکانمان خۆش بێت..

بۆیە ئەم پێشەکیەم نوسیوە پێش ئەوەی بچینە سەر بابەتەکە ، بۆ ئەوەی پەیوەست بین بە ڕۆحی پڕ سەماحەت و هۆشی ئیسلامەکەمان ، هەروەها ڕەحمی ئەهلی ئیسلام بە خۆیان و دوری تەواو لە خراپەی سەروخوار تێگەیشتن لە مانا و بەڵگە و حوکمەکانی ئیسلام..

ئا/ بلال جلال حداد/دەرچوی فیزیا-کەلار

## حوکمی پیرۆزبایی کردن بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵی زاینی (کریسمەس)

پرسیار : حوکمی پیرۆز بایی کردن چیە لە بێ باوەڕان بە بۆنەی جەژنی ( کریس مەس ) ، چونکە هەندێکیان هاوکارن لە گەڵماندا ؟ وە چۆن وەڵامیان بدەینەوە ئەگەر پیرۆزباییان لێ کردین ؟ وە ئایا دەبێت بڕۆین بۆ ئەو جێگایانەی کە ئاهەنگی تێدا دەگێڕن بەو بۆنەیەوە ، وە ئایا ئەگەر کەسێك هەر شتێکی لەو شتانەی ئەنجام دا . کە باسکران . بە بێ مەبەست ، بەڵکو بە مەبەستی موجامەلە یان لە بەر شەرم یان ئیحراج بوو یان هەر شتێکە تری هاوشێوەی ئەوانە ، وە ئایا دەتوانرێت خۆیان پێ بشوبهێنرێت ؟ وەڵاممان بدەنەوە خوای پەروەردگار پاداشتی خێرتان بداتەوە .

بەناوی خوای بەخشنەد و میهرەبان

وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته

وەڵام : پیرۆز بایی کردن لە بێ باوەڕان بە بۆنەی جەژنی ( کریس مەس ) یان هەر جەژنێکی تر حەرام و قەدەغەیە بە کۆڕا و هاودەنگی زانایان ، هەروەکو پێشەوا ( ابن القيم ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت . لە کتێبی ( أحكام أهل الذمة ) ەیدا کە فەرموویەتی :

سەبارەت بە پیرۆزبایی کردن بە درووشمە کوفریەکان کە تایبەتن پێی ، حەرامە بە کۆڕا و یەك دەنگی زانایان ، وەك ئەوەی کە پیرۆزباییان لێ بکات . واتە : بێ باوەڕان . بە بۆنەی جەژنەکانیان ، یان ڕۆژووگردنەکانیان ، و پێیان بڵێت : جەژنتان پیرۆز بێت ، خۆشبەخت بیت لەم جەژنەتدا یان هەر وتەیەکی هاو شێوەی ئەوانە ، ئەمە ئەگەر خاوەنەکەی پارێزراو بێت لە کوفر و بێ باوەڕی ، ئەوا تووشی حەرامێك بووە ، وەکو ئەوەیە کە پیرۆزباییان لێ بکات بە بۆنەی سوژدە بردن بۆ خاچەکانیان ، بەڵکو ئەو کارەی لە لای خوای پەروەردگار گەورەتر و خراپترە لەوەی کە پیرۆزباییان لێ بکات بە بۆنەی خواردنەوەی مەی ( مەشروب ) ، و کوشتنی خەڵك ، و داوێن پیسی

، و هاوشێوەکانیان .

زۆریش لەوانەی کە ئایین لە لایان ڕێزی نیە ، ئەکەونە ئەو کارەوە ، و ناشزانێت ئەو کارەی چەند ناقۆلا و ناشیاوە ، بۆیە هەر کەسێك پیرۆزبایی بکات لە کەسێك بە بۆنەی تاوانێك یان بیدعەیەك یان بێ باوەڕیەك ، ئەوا ئەو کەسە تووشی خەشم و قین و توڕەیی خوای پەروەردگار بووە .

بۆیە پیرۆزبایی لە بێ باوەڕان بە بۆنەی جەژنە ئایینیەکانیانەوە حەرامە و بەو شێوەیەیە کە پێشەوا ( ابن القیم ) باسی لێوە کرد ، چونکە ئیقرار کردنی ئەو دروشمە کوفریانەیە کە ئەوانی لە سەرن ، ڕازی بوونە پێی ، سەرەڕای ئەوەی کە بەو کوفرانە ڕازی نابێت بۆ خۆی ، بەڵام نابێت حەرامە لە سەر موسڵمان کە ڕازی بێت بە دروشمە کوفریەکان ، یان پیرۆزبایی بەبۆنەیانەوە بکات لە غەیری خۆی ، چونکە خوای پەروەردگار بەوە ڕازی نابێت ، هەروەکو فەرموویەتی : [ إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ ] ( سورة الزمر : ٧ ) .

پیرۆزبایی لێکردنیان حەرامە ، هاوکار بێت لە گەڵتدا لە کارەکەت یان نە .

وە ئەگەر پیرۆزباییان لێ کردین بە بۆنەی جەژنەکەیانەوە ، ئەوا وەڵامیان نادەینەوە ، چونکە جەژنی ئێمە نیە ، و جەژنێلێکە خوای پەروەردگار پێی ڕازی نابێت ، چونکە یان جەژنێکی داهێنراوە لە ئایینەکەیان ، یان شەرعەکەیان پێی هاتووە ، جا ئەگەر لە ئایینەکەشیاندا هاتبێت ، بەهاتنی ئایینی ئیسلامی پیۆرز . کە بە ( محمد ) ﷺ دا ڕەوانە کراوە بۆ هەموو خەڵك . ڕۆڵی نەماوە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : [ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ] (آل عمران : ٨٥ )

وە وەڵام دانەوەشیان بەو بۆنەیەوە حەرامە ، چونکە ئەمە زۆر گەورەترە لە پیرۆزبایی لێکردنیان ، چونکە ئەوەیان بەشداریکردنیانە لەو بۆنەیەدا ، هەروەها حەرامیشە موسڵمانان خۆیان بشوبهێنن بە بێ باوەڕان بەوەی کە ئاهەنگ بگێڕن بەو بۆنەیەوە ، یان دیاری بگۆڕنەوە ، یان شرینی بڵاوبکەنەوە ، یان خواردن بدەن ، یان کار و کاسپیان پەك بخەن بەو بۆنەیەوە ، ئەوەش لە بەر ووتەی پێغەمبەری خوا ﷺ " من تشبه بقوم فهو منهم " ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٤٠٣١ ) .




شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) لە کتێبی ( اقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم ) دا فەرمویەتی : « مشابهتهم في بعض أعيادهم توجب سرور قلوبهم بما هم عليه من الباطل ، وربما أطمعهم ذلك في انتهاز الفرص واستذلال الضعفاء » ووتەکەی تەواو بوو . بەڕەحمەت بێت . .

وە هەرکەسێك هەر شتێك لەوانە ئەنجام بدات تاوان بار دەبێت ، فەرقیس نیە ئەو کارە بە مەبەستی موجامەلە بێت لەبەر خۆشەویستی یان لە بەر شەرم یان هەر شتێکی تری هاوشێوەی ئەوانە ، چونکە تەنازوول دانە لە ئایین ، و پتەوکردنی دەروونیە بۆ بێ باوەڕن ، و فەخرکردنیان بە ئایینەکەیان ( مجموع فتاوى ورسائل فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين : جـ ٣ ص ٤٤ – ٤٦ ) .

والله المسؤول أن يعز المسلمين بدينهم ويرزقهم الثبات عليه وينصرهم على أعدائهم إنه قوي عزيز ، والحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

فەتواکە لە نووسینی :

( محمد الصالح العثيمين )

**لە بەرواری ( ٢٥ / ٥ / ١٤١١هـ ) دا .**